# ڕیوایەتی گەپ لە شیعرەکانی داواشیدا

نووسین و لێکۆڵینەوە:
سەیید ئیسماعیل حسەینی

بەهاری ١٤٠٣ هەتاوی

بسم الله الرحمن الرحیم

سەید ئیسماعیل حسەینی[1]

پوختە

گێڕانەوە، ڕیوایەت‌و نەقڵی نەزیلە، کورتە چیرۆک‌و داستان، لە فەرهەنگی زارەکی‌و فۆلکلۆر، یان لە شیعری شاعیران‌دا، دەیان جۆری هەیە. یەک لەوان تەنزو پلارە. لەم توێژینەوەدا، ئەکۆڵینەوە لە پارچە شیعرێکی تەنزی «میرزا ئەحمەدی داواشی» بە ناوی «دێهاتی و شاری» بە بەراورد دەگەڵ شیعرێکی مامۆستا (قانیع)دا هەر لەم چەشنە، کە هەردوو لە یەک بەستێن سەرچاوە دەگرن: هەڵبژاردن بۆ ئەنجومەنی نوێنەران لە ڕژیمی پێشوودا.

کلیل و شەکان

تەنز، داستان، ڕیوایەت، هەڵبژاردن، دێهاتی، شاری و...

چکیدە:

داستان روایی در فرهنگ عامه (فولکلور) و یا اشعار کلاسیک، گونه‌های متعدد دارد که یکی از آنها بیان داستان در قالب طنز است. در این مقاله یکی از گونه‌های روایی در اشعار مرحوم «میرزا احمد داواشی» شاعر پر آوازه و طنز پرداز منطقه جوانرود را در مقایسه با قطعه شعری از همین مقوله از شاعر نامدار کُرد مرحوم «شیخ محمّد قانع» مورد بحث و بررسی قرار خواهیم داد. این طنز مربوط به نحوه انتخابات مجلس شورا در ادوار گذشته و رژیم ستمشاهی است.

واژگان کلیدی

طنز، داستان، ریوایت، انتخابات، روستایی، شهری و...

[1] . پژوهشگر عرصه رسانه و فرهنگ. saedesmaeilhosaini@gmail.com

دەسپێک

تەنز: کە لە زمانی کوردی‌دا، بە پلار، تەوس، حەنەک، گەپ، تیتاڵی، لاقرتی، گاڵتەو گەپ، جەفەنگ، قسەی بەتێکوڵ، تەوزە، دەمەلاسکێ، قسەی خۆش، توانج، لاسایی و... ئەم جۆرە زاراوانە ناوی لێ ئەبرێ، لە شیعرو هۆنراوەی شاعیرانی کورددا، جێگەو پێگەی تایبەتی هەیەو بایەخێکی زۆری پێدراوە.

دیوانی هەر شاعیرێک بکەیتەوە، کەم تافرە بە نەمەکی تەنز تام و چێژی داوە بە شیعرەکانیو مەگەر بە دەگمەن شاعیرێک بەدی کەی کە لە تەنز و حەنەک بێ بەش بێ.

تەنانەت شاعیرانی ئایینی‌ش لەم کاروانە بە جێ نەماون و وەختی وا هەیە شاعیرێکی ئایینی لە تەنزدا پێشەوای شاعیرانی ترە.

بە تێکڕا: مەحوی، نالی، شێخ ڕەزای تاڵەبانی، هەژار، حاجی قادری کۆیی، مەولەوی، ئەوڕەحمان بەگی بابان، کاکە حەمەی ناری، مەلا حەسەنی دزلی، ئەدەب، حەقیقی، سوارە، حەمدی ساحێبقەران، گۆران، قانیع، مەلا محەمەد سادقی ئەحمەدزادە، مەلا شێخ ئەحمەدی کانی میران، ئەحمەد بەگی کۆماسی و... سەدان هۆنەرو شاعیری تر لە ئایینی و غەیرە ئایینی، هەموویان تەنز و پلار و گاڵتەو گەپ تامو مەزەی شیعریان بوە و هەرکام بە چەشن و شێوازی ئەدە بی خۆیان پاڵەوانی ئەم مەیدانە بوون.

پێشینەی ئەم شێوازە ئەدەبی‌یە واتە کورتە داستانی تەنز لە شیعری شاعیرانی کورددا، بەڕادەیەک زۆرو زەبەنە کە سەدان بەرهەمی لە سەر دەنووسرێ. لێرەدا بە گوێرەی پەندی: «لەوێچێ نموونەی خەرواره» ئاماژە دەکەین بە شیعری «دەنگی مردوو» لە شیعرە تەنزەکانی مامۆستا (گۆران) لە بەشی (شیعری گەپ)ی دیوانەکەی‌دا، کە بە ڕاستی تەنز و پلارێکی زۆر جوانی تێدایە، هەروەها «داستانی هەیاسی و کاکە عابدین» هەم دیسان لە بەرهەمەکانی مامۆستا گۆران کە تەرجەمەی شیعرێکی هۆنەری ناوداری کورد (میرزادەی عیشقی)یە، لە ژێر سێبەری ئەم پەندە کوردییەدا، کە دەڵێت:

«سم، سمی کەرەو چنگ چنگی یاسێ، لەم کەینو بەینە سەرم ئەماسێ».

کەوایە (شیعری گەپ) شیاوی لێکۆڵینەوەو لە سەر نووسینە بە شێوەی زانستی بە تایبەت لە کۆڕو کۆبوونەوەکاندا، بۆ ئەوەی ئەم بەشەی ئەدەبەکەمان زیاتر لقو پۆپ بهاوێژێو گەشە بکات. با بزانین تەنز چییە؟

تەنز، ڕواڵەتەکەی پێکەنینەو ناوەرۆکی گریان.

پێکەنینەکەی جاری وا هەیە هۆیە (وەسیلە) جاری واش هەیە ئامانج و مەبەستە (هەدەف). تەنز لە خوێدا هاوارو ڕەخنەی ناڕەزایی و پڕۆ تێستە بەرامبەر بە باری نالەبار و چەوتی کۆمەڵ کە هەموو لایەنەکانی ڕامیاری، کۆمەڵایەتی، ئابووری، فەرهەنگیو تەنانەت ئایینیش دەگرێتەوە.

بەڵێ لە ژێر پێکەنینی تەنز و گاڵتەو گەپدا، هەموو دەم بیرو ئەندیشە، واتاو مانایەکی قووڵ و مەبەستێکی ژیرانە خۆی حەشارداوە، چونکە تەنز – وەک گوتمان – ڕەخنە گرتنە لە هەموو دیمەنێکی ناهەموارو لار و چەوت لە ژیانی کۆمەڵایەتی مرۆڤدا. هەروەها پشکنینو کەشفی کەم و کووڕییەکانیو پەردەلادان لە سەریان.

بە تێکڕا، تەنز سەر شۆڕ نەکردنە بۆ باری چەوت و نالەباری ژیان بە ئامانجی ئێسلاح و چاکسازیی.

تەنز بەشی زۆری لە هزر و بیر و ئەندیشەی ئەو نووسەرو شاعیرانەوە سەرچاوە دەگرێ کە خاوەنی بیری ڕوون، ڕۆحی بەرز و بزێوی ڕەخنەگرانە، حەقیقەت خوازی، دەرد ئاشنا و ڕۆشنبیرێکی پێشڕەوبن بە جۆرێ کە هیچ شتێ نەتوانێ بە ئاسانی کوڵ و کۆی دەروونیان دامرکێنێ و ئەوان ئارخەیان بکات.

بە تێکڕا بەرهەمی تەنز لە هەر شاعیر و نووسەرێکەوە سەر هەڵدات، نیشانە ی وریایی، دەردمەندیی، پایەی بەرزی کۆمەڵایەتیو سەر بە دەرەوە بوونیەتی.

خەمخۆریی نیشانەی هەست بە بەرپرسیاریەتییە کە لە ناخی دەروونێکی نائارامەوە هەڵدەقوڵێ. حەزرەتی (نالی) لەم بەستێنەدا بە ڕاستی جوانی گوتوە:

گەر دەپرسی من لە بەر چی کەم دەخۆم — من بە برسی قەت مەزانە، غەم دەخۆم
نەو عە ئینسانێ هەیە غەم قووتییە — من غەمی خۆم و غەمی عالەم دەخۆم

بەڵێ (نالی) شاعیرێکی دەروون بەرز و سەر شۆڕ نەکردووبوەو لەم شیعرەیدا خۆی دەکاتە (مامە خەمە)ی گەلەکەی.

هەر لەم سۆنگەوە زۆر بەجێ یەکە بە مامۆستا (قانیع)یان وتوە (شاعیری چەوساوەکان) چونکە لە تەنز و گاڵتەو گەپدا کەم کەس بە تۆزی پێیدا بگات.

خوا لێخۆشبوو (میرزا ئەحمەدی داواشی)ش دەخەینە ئەم بازنەیە، لە بەر ئەوەی ئەستووندەکی خێوەتی دیوانی شیعرەکەی لە سەر بنەمای تەنزو پلار جێگیرەو بە تەنزەکانی بزە دێنێتە سەر لێوان و کزەیش دەخاتە جەرگەوە.

لێرەدا بەداخەوە دەرفەت و دەرەتانی ئەوەمان نییە کە بە گوێرەی بۆ چوونو بیرو ئەندیشەی (ژولیا کریستوا) ڕەخنەگرو هۆزانی بە ناوبانگی فەرەنسەیی داهێنەری بابەتی (آلودە انگاری) بچینە سەر شیکردنەوەی واتای تەنزەکانو لە پێوەندییان دەگەڵ فەرهەنگو باری دەرووندا بدوێین، چونکە ئەم باسە هەویرێکی ئاو هەڵگرەو

تاڕادەیەک لە کورۆکی باسەکە دوورمان ئەخاتەوە، هەر چەند تا ئێستا بابەتی تەنزو پلار لە ڕوانگەی دەروونناسیەوە کەمتر خراوەتە بەر باس و لێکۆڵینەوە.

دەقی وتار

تەنز هونەرێکە ڕواڵەتی درۆزنانەی دیاردەکانی کۆمەڵ ئەخاتە بەر چاو کە بە ناحەق سیپاڵی ڕاستەقینەیان لـە بەر کراوە. ئەمەش خۆی پێکەنین هێنەرە.

دو شاعیری تەنز پەردازی کورد مامۆستا (قانیع) و (میرزا ئەحمەدی داواشی) هەر کام بە شێوەی خۆیان دواون لە بابەتی (هەڵبژاردن) و دیاری کردنی نوێنەر بۆ پارلەمان. هەردوو لە لادێوە دەڕۆن بۆ شار، مامۆستا قانیع بزنێکی پێیە و میرزای داواشیش کەڵەشێرێ. سەرباس و عینوانی شـیعرەکـەی قـانیع: (لادێـی و بـزن فرۆشـتن)ە، و شیعرەکەی داواشی: (دێهاتی و شاری). لێرەدا، بە شێوازی ئەدەبیاتی بەرانبەر (ادبیات تطبیقی) ئـەم دوو پارچـە شیعرە دەخەینە هەردووتای تەرازووی هەڵسەنگاندن، و هەردوو لایەنی لاوازو بە هێزی پارچە شیعرەکان دیـاریو لە تای تەرازوودا سەنگ و سووکیان دەکەین. ئەڵبەت هەردوو پارچە شیعرەکە مەربووتن بە سەردەمی خان‌خانی و دەرەبەگایەتیو کەڵکی ناڕەوا لە نەخوێندەواری خەڵک.

دێهاتی و شاری

ڕۆژێ یـەک نـەفـەر دێهـاتی هـەژار — کـەڵـەشـێرێکی هێنـا بـوو بـۆ شـار
قـەزا، یـەک نـەفـەر شـاریی گـەیـی پـێ‌ی — وتی: بە خێر بێ‌ی، خاڵـۆ خـەڵـکی کـوێ‌ی؟!
خـۆت هـاتی بـۆ شـار، یـا وتیانـە پێـت؟! — یـا قۆیخـای دێکـە نـەویگیـە لـە گوێـت؟!
بەم جـەرگـەی تـۆف و هـەوای بـەفـری دەی — هـاتوویی بـۆ کـام تاریفـە یـا ڕەی؟![2]

دێهاتی:

وتی: ڕەی چۆنـە، ئاغـە پـێم بێـژە — پانـە، سـێ سـووچە، کۆتـاس، درێـژە؟!
زەریـف نـازانم، حاڵـیم کـە کاکـە — خۆراکـە یـا خـۆ بـەرگ و پۆشـاکە؟!
پێمـی نیشـان دە، بچـم بیـوێنم — کـەڵـە شـێرەکـەم بـدەم بیسـێنم...
بـزانم کامیـان وەمـن مـەربووتـە — منالـەکـانم گشـت ڕووت و قووتـە...

---

[2]. تاریفە: تعرفە، برگ رأی دادن.

شاری:

شاری وتی پێی: مونعیم و گەدا
واجبە ئەشێ ڕەی بۆ خۆی بدا

وەکێڵ مەعلوومکا بۆ ناوی ئیجلاس
تا لە بەد بەختی بمانکەن خەلاس

دێهاتی:

وتی: تۆ خودا، ئەمە تۆ ئێژی
کۆتا پێم بێژە، نەک وە درێژیی...

کەی ئەم فریشتە هەڵساگە لە خەو
ڕۆشنی کردگە زوڵم و تاری شەو؟!

نەجاتمان بدا لەم بەد بەختییە
لەم ئاهوو ناڵەو لەم زام سەختییە

کارێ وا بووێ، حەتمەن بزانە
نیشانەی زوهوور ئاخر زەمانە...

شاری:

شاری وتی پێی: کاکە چەند ساڵە
وەکێڵ تی و ئەچێ هەروا بەم حاڵە

دێهاتی:

وتی: ئەم کارە بووگە لەمەو بەر
هیچ نەفعی نەوگە، بێچگە لە زەرەر...

وەکێڵمان بووگە، زڵمیچ باقیووگە
زۆردار بۆ بێ زۆر، ماقەما قیوگە[3]

هەروا با قیووگە زوڵم وەک سالان
زاڵمان ماڵمان ئەوەن وەتالان

وەکێڵم بۆ چەس زوڵم بمێنێ
هەر ڕۆژ زاڵم گیان مەزلووم بسێنێ

تۆ خوا بلانەم، وازم لێ بێرە
سەد وەکێڵ ئەژیت ئەم کەڵەشێرە

گاهێ لە چاهێ دەرم نەیێرێ
کەی بۆ من ئەبێ وەکەڵەشێرێ

هیچ نیەن وە تەنگ بدەو بێرەکەم[4]
دەس گشتیان وەهین کەڵەشێرەکەم[5]

لەم شیعرە تەنزەدا، شێوەزاری ناوچەی جوانڕۆو باوەجانی بە ئاشکرا بە دی دەکرێ: (باقیوگە، ماقەماق، بلانەم، بدەوبێرە)... ئەمەش پارچە شیعرەکەی مامۆستا (قانیع) هەر لەم بوارەدا:

---

[3] . ماقەماق: چاوە چاو

[4] . بدەو بێرە: تەنگوو چەڵەمەی ژیان.

[5] . لە دیوانەکەی داواشی‌دا، ئەم باڵە (مصراع) بەم جۆرەیە: «دەس گشتیان وەگون کەڵەشێرەکەم»... .

ڕۆژێ کابرایەک دانیشتووی دێهات    دوو بزنی هێناو بۆ ناو شار ئەهات
کەبیانفرۆشێ بۆ پێویستیی ماڵ    گەیشتە ناو شار، سا بە هەر ئەحواڵ
ئەو ڕۆژە ڕۆژی هەڵبژاردن بوو    لە هەموو شارێ نائب ناردن بوو
پیاوێکی شاری گەیشت بە کابرا    وتی: ها، چۆنی ئەی دەستە برا؟
خەریکن ڕەئی ئەدەن بۆ نوێنەر    تۆیش برۆ ڕەئیت بخەرە دەفتەر
لا دێی وتی: ڕەئی چڵۆنە؟!    ئاخۆ تازەیە یا وەکوو کۆنە؟!
نازانم ئایا بێ فەڕە یا چاک    بۆ خۆراک ئەبێ یا وەکوو پۆشاک؟!
من هەموو ڕۆژێ دێم بۆ ناو بازاڕ    ڕەئی ناوینم لای حاجی و توجار
ئاخۆ بە میترە یا بە کێشانە    ئاخۆ بەر تەسکە یا بەری پانە
ئەو بزنە ئەیدەم بە ڕەئی بێ فەڕ    ئەیدەم بە کڵاش بۆ پێی ئەحە کەڕ
کابرای شارسانی لێی هاتە زمان    وتی: لا دێیی، هەژاری نەزان!
ڕەئی بۆ پیاوی مەندووب دانراوە    لە ولاتێ یەکێ دیاری کراوە[٦]
مەندووب یەکێکە ئەچێتە بەغدا    بۆ ناتەواوی هەوڵمان بۆ ئەدا
نایەڵێ ئیتر بمانچەوسێنن    لە پارلەماندا، حەقمان ئەسێنن
مەندووب زۆر چاکە، تاجی سەرمانە    بۆ چارەی دەردمان هەر خۆی دەرمانە

لادێیی:
بۆ چی کاکەگیان ئەوە هەربووە؟!    ئێستە داهاتووە یا پیشەی زووە؟!

شارستانی:
نە نەبراکەم، بووە تابووە    مەجلیسی نوواب هەر پیشەی زووە[٧]

لادێیی:
ئەر مەندووب هەیە، بۆ دەستەی زۆردار    هەر ڕۆژ نە ڕۆژێ ئەمبەن بۆ بێگار؟!
ئەر مەندووب هەیە بۆ چی هەژاران    بە برسی ئەگرین سووبح و ئێواران؟!

---

٦. مندوب: وشەیەکە عەرەبی بە مانای نوێنەر.
٧. نوّاب: وشەیەکی عەرەبی‌یە، جەمعی نائب بە مانای نوێنەر.

نەڕەئیم هەیە و مەندووبم ئەوێ — بزنم لە مەندووب زۆر خۆشتر ئەوێ
تا ئێستە مەندووب هیچی نەکردووە — ئیتر من چیمە لەم هات و چووە؟!

دەرەنجام

بەستێنی هەردوو تەنزەکە هەر یەک بابەتە: «هەڵبژاردنی نوێنەر». بەڵام باری ئەدەبیو کوردانەی شیعرەکەی «میرزا ئەحمەدی داواشی» تا ڕادەیەک بەهێزترە، شەقڵی شێوەزای ناوچەی جوانڕۆی بە جوانی پێوە دیارە: وتیانە، نەویگیە، زەریف، وەکێڵ، زڵمیچ، باقیوگە، ماقە ماق، بڵانەم، بدەو بێرە بە مانای تەنگوو چەلەمەی ژیان.

لە بواری کێش و سەروایشەوە (قافیە) شیعرەکەی مامۆستا داواشی سوارتر و ڕێکوو پێکترە.

لە شیعرەکەی مامۆستا (قانیع)دا، کێش و سەروا زۆر ڕێکوو پێک نین، لەوانەیە لە سەردەمی تازەکاریی شاعیردا، وترابن:

کابرای شارسانی لێێ هاتە زمان — وتی: لادیێی هەژاری نەزان
ئەر مەندووب هەیە بۆ چی مام کوێخا — لە سەر خۆڕایی ئابڕووم ئەبا...

لە قافیەو سەروادا، لانی کەم بوونی دوو سێ پیتی وەک یەک پێویستە. جگە لەمەش شیعرەکەی مامۆستا قانیع لە ژێر تین و کاریگەریی وشەی عەرەبیدا، هۆنراوەتەوە: مەندووب (نوێنەر)، مەجلیسی نوّاب(ئەنجومەنی نوێنەران) نائب(نوێنەر).

بەم حاڵەش ئەگونجێ شیعرەکەی (قانیع) سەرچاوەی ئیلهام بوو بێ بۆ میرزا ئەحمەدی داواشی چونکە قانیع پێشتر لە داواشی ژیاوە. هەروەها ڕێی تێ ئەچێ هەر دوو شاعیر بە گوێرەی ڕێسا و یاسای (تواتر) هەر کام بۆ یەک بابەت شیعریان گوتبێ و ئەمەش نموونەی زۆری لە ویژە و ئەدەب دا هەیە[٨]

ئەڵبەت شیعرەکەی میرزای داواشیش تۆزێک بۆنی زاراوەی فارسی تایبەت بە هەڵبژاردنی لێ دێ: (رأی، تعرفە، اجلاس)، کە ئەمەش خۆی چشتێکی سروشتییە.

ئەڵبەت ڕەحمەتی میرزای داواشی، جگە لە تەنزی (دێهاتی و شاری)، ڕیوایەتی گەپ لە دیوانەکەیدا بە فراوانی بەر چاو دەکەوێ، وەک: «تۆبەی گورگ»، «حەجی ڕێوی»، «وەتەڵەی کەڵەک» و دەیان جۆریتر لە شیعری گەپ کە هەرکام بۆ خۆی خاوەنی وانەو دەرس و پەیامێکەو نیشانەی وریایی و کارزانی میرزا لەو سەردەمەدا. کەوایە میرزامان دەس کەمێکی لە (قانیع) نییە و لە شیعری گەپدا شاعیرێکی بە دەستەڵاتە.

---

٨. تواتر: ئەوەیە دو شاعیر یەکجۆر شیعر بڵێن بێ ئەوەی ئاگایان لە یەکتر بێ.

به تێکڕا ئەدەبی کوردی لە شیعری گەپدا، زۆر دەوڵەمەندە، بەڵام سەد مەخابن بـەو چـەشـنـەی کـە شـیاوە کاری لە سەر نەکراوە. جێگای خۆیەتی کۆڕو هەمایش و کۆنگرەی سەر بە خـۆی بـۆ بـە ڕێـوە بـەرن بـۆ ئـەوەی لایەنەکانی شارراوەی ئەم بەشە لە ویژەو ئەدەبمان بە جوانی شی بکرێتەوە. چونکە شیعری گـەپ هـەردوو باڵـی ئەدەبەکەمان دەگرێتەوە: ئەدەبی زارەکیی و فۆلکلۆر، ئەدەبی نووسراو و ئاکادیمی. به هیوای ئەو ڕۆژە.

سەرچاوەکان

١- ئەحمەدی ئیبراهیم، زێوەری زمان، فەرهەنگی کینایەو دەستە واژەی کـوردی سـۆرانی، انتشـارات علمـی کالج، چاپی یەکەم ١٣٩٣ی هەتاوی – سنە

٢- داواشی، میرزا ئەحمەد، دیوانی میرزا ئەحمەدی داواشی، کۆکردنەوەی حوسەین موحەممـەدی، دەزگـای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئیحسان، چاپی یەکەم، ١٣٨٩ی هەتاوی – تاران

٣- سیوە یلی ڕێبوار، کتێبی نالی، دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی موکریانی، چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠١ م

٤- شرفکندی عبدالرّحمن، هەنبانە بۆرینە، فرهنگ کُردی – فارسی، تهران سروش انتشـارات صـدا و سـیما، چاپ چهارم – ١٣٨٤ هـ ش

٥- عەبدولواحید، ئازاد، پەنجەرە بچووکەکان، چاپخانەی حاجی هاشم، چاپی یەکەم – هەولێر – ٢٠١١

٦- قانیع، شێخ محەممەد، دیوانی قانیع، کۆکردنەوەی بورهان قانیع، چاپ پانیز، ١٣٨٤ هـ ش

٧- گۆران، عەبدوڵلا بەگ، سەرجەمی بەرهەمی گۆران، کۆکردنەوەی موحەممەدی مەلا کەریم، چاپەمـەنـی و ئۆفیستی گەنج، سلێمانی ٢٠٠٤ – ١٤٢٥ ک.

٨- مستەفا ڕەسووڵ، دوکتۆر عیززە دین، ئـەدەبـی فۆلکلـۆری کـوردی، لێکۆلێنـەوە، بـەشـی گاڵـتەو گـەپ، چاپخانەی (دار الجاحظ) بەغداد – ١٩٧٠ ز